# روناكبيران و ئازادی ژن

**جوان ئەحمەد عەبدوللا**

juanahmad@maktoob.com



دەيان ساڵە ئازادی ژنان بۆتە بنێشتەخۆشەی ژێر زمان و سەر زمانی هەموو ئەو دەزگا، ناوەندەو ڕێكخراوەكان. روناكبيران ورۆشنبيران ئەم قەوانە هەريەكەوبەئاوازێك لێدەدەن و فرمێسكی تيمساحاوی بۆ مەينەتيەكانی ژنان دەرێژن، كەچی رۆشنبيران بەشێكێك لەو كەسانەپێك دەهێنن كە رۆژانە جەنگی دەرونی لەگەڵ ژنان دەكەن، جا لە ماڵەوەبێت يان لە دەزگاو ناوەندەكانی تر، ئەم بۆچونەم زۆرترين ئەومرۆڤانە دەگرێتەوە.

كەرۆژانە بەپێی ميزاجی خۆيان سكرتێرەكانيان وژنان لە فرمانگەكان دەگوێزنەوە بۆ نوسنگەكانيان، بەپێی باڵاو جوانی وشتی تر. لەهەمان كاتيش، ئەگەر پرسياريان سەبارەت بەئازادی ژنيان لێ بكەن، هيچ لەخۆيان ناهێڵنەوە وادەزانی كەچەندين ساڵە خەباتی چەكداری بۆ رزگاری ژنان دەكەن و خۆيان دەكەنە شەريفی رۆمی. نوسەران وروناكبيران، هونەرمەندان بەشێكی زۆريان هەر لەئێوارەوە ميوانی يانەكانيی مەی خواردنەوەن و تا نيوەشەوێكی درەنگ، دواتريش بەسەر خۆشیو مەستێكی شێتانە خۆيان دەكەنەوە بەماڵەكانياندا، سەرای ئازاردانی ژنەكانيان، كە لەئێوارە وەچاوەڕێيان دەبن، نيوەشەويش كاكی رۆشنبير دێتەوە هەر كەگەيشتە ماڵەوەش، وەك ئەوەی لەخيابانێك بێت دەخەوێ تا بەيانی بەبێ ئەوەی قسەو گفتوگۆيەكی خۆش لەگەڵ ژنەكەيدا بكات، بەيانيش وەك خەڵكی تر رێگای فەرمانگەكەی دەگرێتەوە بەرو هەمان نەريتی رۆژانەی پێشوو پەيرەو دەكات، جارجارەش لەرۆژنامەكان قەڵەمێكی درۆزنانە دەخاتە كارو ڕەخنە ئاراستەی هەموو ئەو مرۆڤە وڵاتانە دەكات كەمافی ژنانی تێدا پێشێل دەكرێ، وەك ئەوە وابێ كەخۆی شۆرشێكی گەورەی بۆ رزگاركردنی ژنان بەرپاكردبێ، بۆيە واچاكە ڕووی هەموو پياوێك وەك خەم خۆری ژنان نەبينێن، لەلايەكی ترەوە ئەگەر ژنێك لەبواری راگەياندندا كار بكاتو جەمو جۆڵی رۆژنامەنووسی هەبێتو رووخۆش بێتو لەگەڵ خەڵكی كراوە بێت، هەزار ناو ناتۆرەی بۆ دروست دەكەن، وا لەو كچە

**بەستەزمانە دەكەن كەهەرگیز ڕوو لەناوەندە نەكەنەوە، بۆ هەتا هەتایەش واز لەكاری ڕاگەیاندنو ڕۆژنامەنووسی بینێت، ئەمەی باسم كرد. مشتێك بوو لە خروارێكو هەموو ئەو نمونانەی هێناومەتەوە، ئێستاش ڕۆژانە دووبارە دەبنەوە مەگەر هەر من بزانم كەئەو ژنانەی مێردەكانیان تا درەنگ لەیانەكانی مەی خواردنەوە نایەنەوە چەندە خەفەت دەخۆنو لەژیانیان بێزارن. هەر بۆیەش ناوە ناوە داوای جیابوونەوە لە مێردەكانیان دەكەنو ڕووەو دادگا مل دەنێن.**

**ڕۆژنامەنووس لەرۆژنامەی نۆژەن**

**تێبینی كوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، كە بۆچونی (كوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەكەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتكارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێكدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣

كوردستان نێت www.kurdistannet.org